لوبنان دوای لێدوانێکی سەبارەت بە هێزەکانی حەشدی شەعبی داوای لێبوردن لە عێراق دەکات

ئەمە پێنجشەممە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران و جێگری ئەن سەرۆکی لوبنان،قووڵایی پێیوەندییەکانی نێوان عێراق و لوبنانیان دووپاتکردەوە و ئەنیش داوای لێبوردنی کرد لەسەر لێدوانەکانی سەبارەت بە هێزەکانی حەشدی شەعبی.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی موتێع کەوتووە بڵاویکردەوە،"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمە پێنجشەممە پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لە سەرۆک کۆماری لوبنانەوە جێگری ئەن پێگەیشت و تێیدا پێیوەندییە دووقۆییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی برا و چێنیەتی پەرەپێدانیان لە پێناو بەرژەوەندیی هاوبەشدا تاوتوێکرد.

وتیشی پێیوەندییەکە ڕوونکردنەوەیەکی سەرۆکی لوبنان بە بەڕێز سودانی و سروشت و ناوەڕۆکی ئەو لێدوانانەی کە بڵاوی کردەوە و ئەو چوارچێوەیەی کە تێیدا باس لە حەشدی شەعبی کرا لەخۆگرت، ئەمەش پێویستی بە وەڵامدانەوەی وەزارەتی دەرەوە هەبوو، و سەرۆک ئەن جەختتی لەسەر شانازی و پێزانینی لوبنان کردەوە بە پێگەی عێراق و دامەزراوەی سەربازی عێراقی و هەوڵەستە پرنسیپییەکانی حکومەتی عێراق لە پشتیوانی کردنی گەلی لوبنان لە ڕووبەڕووبوونەوەی قێیران و ئاستەنگە جەراوجەرەکاندا.

هەروەها هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر قووڵی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و لوبنان و پتەویی ئەو پەیوەندییە مێژوویی و کەلتووری و کۆمەڵایەتییەی کە هەردوو گەلی برا بەیەکەوە دەبەستێتەوە و گرنگی هەماهەنگی هاوبەش لە هووبەووونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە ناوچەکە پێیدا تێدەپەڕێت.